دیمانە: کارزان کانەبی



زریان عەتار یاریزانی پاسکیل سواری هەڵبژاردەی عێراق:

# تاکە کچم لەسەر ئاستی عێراق میدالیای زێڕم بەدەستهێناوە

*** ئەگەر خۆت بە خوێنەران بناسێنیت؟**

- زریان عەتار قادر لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری سلێمانیم.

* بۆچی بواری پاسکیل سواریت هەڵبژارد؟

-چونکە وزەو تواناو بەهرەی خۆمم لەو یارییەدا دۆزیوەتەوە.

*** هەست ناکەیت ئەم وەرزشە ماندوو بوونی زۆری تێدایە و کێشەی بەربوونەوە و زیان گەیاندن بە لەشی هەیە کە زۆر جار روو بەڕووتان دەبێتەوە؟**

-بێ گومان ماندووبوونی تێدایە و سەخترین یارییە، چونکە یاریزان رووبەڕووی رووداوی زۆر دەبێتەوە چونکە لەسەر شەقامەکان ڕاهێنان و مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین،بەتایبەتی لەسەر شەقامی سەرەکیی نێوان سلێمانی - دوکان، خۆشم لە کاتی ڕاهێنانەکاندا لەسەر ڕێگای دوکان ئۆتۆمبیل لێی داوم و بۆماوەیەك لە یاری دابڕام، بەڵام حەز وخۆشەویستیم بۆیارییەکەم زۆر بوو دوای چاك بوونەوە دەستم بە مەشق کردن کردەوە.

*** ماوەیەکی زۆر لە یانەی نەورۆز بووی بۆچی ئەم یانەیەت بەجێهێشت، ئەگەر کێشەکان بەتەواوی روون بکەیتەوە؟**

- ماوەی ٣ساڵ یاریم بۆیانەی نەورۆز کردلە ساڵی ٢٠١٠-بۆساڵی ٢٠١٢ گرێبەستم مۆرکردبوو، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠١٢ پێم ڕاگەیەنرا کە گرێبەستەکەم تاساڵی ٢٠١٤یە، بۆیە ئەو هەواڵە زۆر تورەی کردم لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ ڕاهێنەرەکەم کێشەم هەبوو، بۆیە بڕیارم دا لەم یانەیە بچمە دەرەوە.

*** ئێستا لە یانەی دوکانیت گرفتت بۆدروست نابێت لە رووی وەرزش کردنەوە بە تایبەتی کە تۆ لە سلێمانی دادەنیشیت ؟**

- ئێستا لە یانەی دوکان زۆر دڵخۆشم و هیچ کێشەیەکم بۆدروست نەبووە، چونکە مەشق کردنی من هەر لەسەر ڕێگای سلێمانی - دوکان بووە، ڕاهێنەرەکەشم کاك خەسرۆ هیچ کات نەیهێشتووە کێشەم بۆدروست بێت.

*** وەرزش کردن چی پێ بەخشیویت و چی لێ سەندویتەوە؟**

- لەرێگای وەرزشەکەمەوە چەند کەسێکی بەرێز و خۆشەویستم ناسیوە و بە پێچەوانەشەوە وەرزشەکەم وای لێ کردوم کە هەست بە بوونی خۆم بکەم و هێز و تواناکانی خۆم ببینم و بزانم.

*** ئەگەر چەپکە گوڵێکت پێ بێت پێشکەشی کێی دەکەیت؟**

-کەسانی خۆشەویستم زۆرن گوڵیان پێشکەش بکەم، پێشکەشی دایکم و باوکمی دەکەم





**شاری سـلێمانی لە ئێستادا گەشـە کردنێکی باشی لە رووی وەرزشـکردنەوە بەخۆیەوە بینیوە،لەیاریی پاسکیل سواریشدا خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی باشیان لێ دەکرێت،لەم ناوەشدا دیمانەیەکمان لەگەڵ یاریزان و پاڵەوانی عەرەب زریان عەتار کچە یاریزانی یانەی وەرزشی دوکان ئەنجامداو لە نزیکەوە چەندین پرسیاری تایبەتمان ئاراستە کرد.**

چونکە زۆر یارمەتیدەرم بـوون، دواتریش ڕاهێنەرەکەم کاك خەسرۆ و کاك سـەلامی خۆشەویست،وەکو وەفایەك بۆکاك سیروانی ڕاهێنەری پێشـووم چونکە ئەو منی گەیاندە ئەو ئاستەی ئێستام.

*** چ شتێك زۆر بێزارت دەكات لە ژیانی وەرزشیت؟**

- پێش هەموو شتێك تێکەڵ کردنی حزبایەتی بە وەرزشەوە پاشـان ئەو کەسـانەی وەرزش دەکەن و روحی وەرزشـیان تێدانییە.

*** ئەگەر یانەیەکی شاری هەولێر داوات لێ بکات بۆوەرزش کردن ئامادەیت بێتە ئەو شارە؟**

- مـن بڕیارم داوە هەر لە یانەی دوکان بمێنمەوە، بەڵام لە کاتێکـدا کە یانەی دوکان تێك بچێت بە شـانازیەوە ئامادەم یاری بۆ یانەیەکی شـاری هەولێربکـەم، چونکە ئەوانیش کەسانی بەڕێزی وەرزشیی زۆریان تێدایە.

*** باشترین دەستکەوتەکانت وەکو یاریزان؟**

-جگە لەوەی کە چەند ساڵێك لە هەموو قۆناغەکان یەکەمی عێراق بووم خاوەنی چەندین مەدالیام لەسەر ئاستی عەرەب، سـاڵی ٢٠١١ بوومە خاوەنی مەدالیای برۆنز لەسەر ئاستی عەرەب، لە سـاڵی ٢٠١٢ بوومەخاوەنی دوومەدالیای زیو لە هەمان پاڵەوانییەتی، لە سـاڵی ٢٠١٣ لە وڵاتی ئیمارات لە پاڵەوانێتیی عەرەبیدا مەدالیای زیوم بەدەست هێنا،وەکو تاکە کـچ لە هەڵبژاردەی عێراق بوومە خاوەنی مەدالیای زێڕیش پلەی یەکەمم لەسەر ئاستی عەرەبیش بەدەستهێنا.

*** لە ژیانی وەرزشیتدا بەهیوای چیت ؟**

- بەهیوام بتوانم لە پاڵەوانێتیی ئاسیا ببمە خاوەنی مەدالیا وهەوڵیش بۆ ئەوە دەدەم.

*** چـی بەوکچانە دەڵێیت کە هاوتەمەنی تۆن و لە وەرزش دابڕاون؟**

-بـەردەوام بن و کۆڵ نەدەن تاکـو بتوانن لە وڵاتانی دیکـەدا رۆڵی وڵاتەکەی خۆیان ببینـن و ببنە جێی شـانازی.هیوادارم بتوانـن لە هەر یارییـەك توانای وەرزشیی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە.

*** جگە لە پاسکیل چی یارییەکی دیکەت کردووە؟**

- یاری باسـکە و بالەشـم کردووە بـەڵام تەنیا لە قوتابخانەکان کردوومە لـە هیچ یانەیەك یاری دیکەم نەکردووە .

*** بەهیوای تا چەند سـاڵی دی لە جیهانی وەرزش بەردەوام بیت؟**

- من کاتم بۆ وازهێنان دانەناوەو ئەگەر وازیش لە یاری بهێنم هەر لەو بوارەدا وەکو ڕاهێنەر یان سەرپەرشتیار لە وەرزش دەمێنمەوە.

*** حەزدەکەیت لە داهاتوودا قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە لە شارەکەتان؟**

- بەڵێ، بابەتێکی لەم جۆرە لە بەرنامەی ژیانمدایە، بەڵام دوای چەند ساڵێکی دیکە ئەنجامی دەدەم.

***لە قۆناغی ئێسـتادا ئاسـتی پاسکیلسـواری لە کوێدایە؟**

- ئێسـتا لە ئاستێکی زۆر باشـدام چونکە هەر لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ وەکو تاکە یاریزان بوومە خاوەنی مەدالیای زێڕو یەکەمی وڵاتانی عارەبی بووم، ئاستی ئەم یارییەش پێش بینی دەکەم زۆر بەرز بێتەوە .

*** دوا پەیڤت بۆ گۆڤاری گوڵان؟**

-هیوام سـەرکەوتنتانە بۆزیاتر خزمەت کردنی بواری وەرزشی ئافرەتان و گرنگیدان بە وەرزشە جۆراوجۆرەکان لە شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی.

## ئەکاد نازناوی پاڵەوانێتیی بادمنتۆی یانەکانی کوردستانی هێنایەوە هەولێر

بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی یاری بادمنتۆن لە شارەکانی کوردستان،یەکێتیی بادمنتۆنی کوردستان لە قەزای کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر و لەهۆڵی یانەی کۆیە بەبەشداری ١٧یانەی شارەکانی کوردستان پاڵەوانێتیی بادمنتۆنی یانەکانی کوردستان لە ئاستی پێشکەوتووان بۆماوەی سێ رۆژ ئەنجامدا،لە پاڵەوانیتییەکەشدا لە ماوەی سێ رۆژی یارییەکاندا یاریزانانی بەشداربووی پاڵەوانێتییەکە ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردو بەردەوام بوون لە کێبرکێ کردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە،دوای ململانێیەکی بەهێزی نێوان تیپە بەشداربووەکان یانەی ئەکاد توانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بگەڕێنێتەوە پایتەختی کوردستان، ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

١-یانەی ئەکاد
٢-یانەی گازی باکور
٣-یانەی سیروانی نوێ
٣-یانەی سۆلاڤی نوێ

## گەڵاتە سەرای پلان بۆ بۆندی گەورە دادەڕێژێت

ڕاپۆرتەکانی وڵاتی تورکیا ڕایانگەیاند یانەی گەلاتە سەرای چەند یاریزانێکی دەست نیشانکردووە بۆ ئەوەی لەوەرزی هاوینی داهاتوودا بۆندیان لەگەڵ مۆربکات، لیستی یاریزانەکانیش بریتی بوو لە گۆڵچی ئیسپانیا ئیکەر کاسیاس و هەردوو هێرشبەر، سویدی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ و بەرازیلی هالك. ڕۆژنامەی فۆتۆماچی تورکی لەڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند یانەی گەلاتەسەرای پلانی داڕشتووە بۆند لەگەڵ ئیکەر کاسیاس گۆڵچی یانەی ریال مەدرید مۆربکات بەتایبەتی کە بارودۆخی کاسیاس لەگەڵ ڕاهێنەر مۆرینهۆ زۆر نالەبارە، هەروەها بۆ بەهێزکردنی هێڵی هێرشبەر، یانەی گەلاتەسەرای پلانێکی گەورەتری لەبەر دەستە لەرێگای هەوڵدان بۆ مۆرکردنی دوو بۆند لەگەڵ یاریزانان زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ و هالك .
شایەنی باسە لەوەرزی گواستنەوەی زستانەدا یانەی گەلاتەسەرای دوو بۆندی گەورەی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندا ویسلی شنایدەر و یاریزانی هەڵبژاردەی کۆت دیڤار دیدی درۆگبا مۆرکردبوو.



## مانچستەرستی چاوی لەسەر کاڤانی داناوە

یانەی مانچستەرستی دووەمی خولی ئینگلتەرا هاتە ریزی ئەو یانانەی کەچاویان لەسەر یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆرگوای و یانەی ناپۆلی ئەدیسۆن کاڤانی داناوە و ئامادەیی خۆی نیشاندان داوە کە یاریزانی ناوبراو بکاتە خاوەن گەورەترین مووچە لەمێژووی خولی نایابی ئینگلتەرا ((پریمەر لیگ)) .

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (دەیلی میل) ی بەریتانی یانەی مانچستەرستی ئامادەیی خۆی نیشانداوە بری ١٣،٣ ملیۆن پاوەند وەك مووچەی ساڵانە بداتە کاڤانی ئەگەر یاریزانی ناوبراو رەزامەندی نیشان بدات بەیاریکردن لەگەڵ یانەی مان ستی.

چەند یانەیەکی گەورەی ئەوروپا وەك ریال مەدرید و بایرەن میونیخ رکابەریی یانەی مان ستی دەکەن لەسەر کرینەوەی بۆندی یاریزان کاڤانی، رۆژنامەکە ئەوەشی راگەیاند یانەی ستینز هەنگاوی گەورەی بڕیوە لەپێناو تەواوکردنی ئەم بۆندە، ئەگەر گفتوگۆکان سەرکەوتووبن و کاڤانی ببێتە یاریزانی مانچستەرستی ئەوە مووچەی هەفتانەی دەگاتە ٢٥٦ هەزار پاوەند و بەپێش یاریزانی مان یونایتد وێن رونی دەکەوێت کە مووچەی هەفتانەی ٢٥٠ هەزار پاوەندە.





## ڕۆناڵدۆی بەرازیلی : کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بەدبەختە

ئەستێرەی دیای تۆپی پێی بەرازیلی ڕۆناڵدۆ رایگەیاند یاریزانی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بەدبەختە، چونکە لەهەمان سەردەم یاریزانی ئەرژەنتینی لیۆنیل میسی یاری دەکات.

ڕۆناڵدۆ لەکاتی سەردانیکردنیدا بۆ شاری تۆرینۆی ئیتالی بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ یارییەکانی جامی کیشوەرەکانی ٢٠١٣ کە لە وڵاتی بەرازیل ئەنجام دەدرێت دووپاتیکردەوە کە میسی بەچەند پلەیەکی کەم باشترە لەکریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، بۆیە شایستەی نازناوی باشترین یاریزانی جیهانە، هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە کریستیانۆ بەدبەختە، چونکە لەهەمان سەردەمی میسی یاری دەکات و ئەگەر لەهەر کاتێکی دیکە یاری بکردایە ئەوە دەبووە ئەفسانەیەکی تۆپی پێی جیهانی.

هەروەها ڕۆناڵدۆ دەربارەی راهێنەر جۆزی مۆرینهۆ وتی: مۆرینهۆ راهێنەرێکی بێ هاوتایە و هەردەم بیرۆکەی تازەی هەیە و دەتوانێت بیرۆکەکانی بە ئاسانی بگەیەنێتە یاریزانەکانی.

## جۆکۆفیچ کاروانی هەشت ساڵەی نادالی راگرت

یاریزانی سربی نۆڤاك جۆکۆڤیچ پۆلینکاری یەکەمی جیهان لەیاریی تێنسی سەر زەوی نازناوی پاڵەوانییەتی مۆنتی کارلۆ ماستەرزی بەدەست هێنا، لەیاری کۆتاییدا یاریزان جۆکۆڤیچ بەئەنجامی دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر لەیاریزانی ئیسپانی رافائیل نادالی بردەوە، ئەنجامی کۆمەڵەکان ((٦-٢، ٧-٦)) بوو، یاریەکەش ١١١ خولەکی خایاند. بەم سەرکەوتنە نۆڤاك جۆکۆڤیچ زنجیرە سەرکەوتنەکانی نادالی راگرت لەبەدەست هێنانی ئەم نازناوە کەماوەی هەشت ساڵی لەسەریەکە یاریزان نادال نازناوەکەی بەدەست هێناوە، هەروەها ئەوە دووەم دۆراندنە بۆ نادال، یەکەم دۆراندنی بۆ ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە لەسەر دەستی یاریزان جیرمۆ کۆریا، سەرکەوتنەکانی نادال بریتیین لە ٤٦ سەرکەوتنی لەسەر یەك پێش ئەوەی لەبەرامبەر جۆکۆڤیچ تووشی دۆڕاندن بێت. شایەنی باسە یارییەکانی پاڵەوانییەتی مۆنتی کارلۆ ماستەرز لەسەر یاریگا لمییەکان ئەنجام دەدرێن.





## لەساڵیادی ١١٥ ساڵی ڕۆژنامەگەری کوردیدا...

# فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان خەڵاتکرا

هەفتــەی رابــردوو لە پەراویزی ســاڵیادی ١١٥ ســاڵی دامەرزاندنی رۆژنامەگەری کوردیدا، لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردســتان بە هاوکاری کۆمپانیای کۆرك تیلیکۆم لە هۆڵــی رووناکی مەراســیمی ڕێزلێنانیان لــە پۆلێك لە رۆژنامەنووسانی وەرزشــی کوردستان گرت، کە لە نێوانیاندا سێ رۆژنامەنووسی فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان بوو.

لە سەرەتای مەراســیمەکەدا، کە هەریەکە لە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و د.شاکر ئەحمەد سمۆ بەڕێوەبەری گشتی بەرێوەبەرایەتی وەرزش و ســەفین کانەبی ســەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ کوردستان ئامادەبوون، پێشانگایەکی فۆتۆگرافەری بــۆ رۆژنامەنووس زیاد هورمزیــاری بەڕێوەچوو، کە تیاییدا کۆمەڵێك لە وێنەی ئەرشیفی بواری وەرزشی لەخۆ گرتبوو، دواتر مەراسیمی ڕێزلێنانەکە بەڕێوەچوو، کە تیاییدا هەریەکە لە ئەحمەد عەزیز بەرپرســی فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان و رێبیــن رەمــزی و کارزان کانەبــی پەیامنێرانی گۆڤارەکە خەڵاتکران.

هەر لــەم مەراســیمەدا رۆژنامەنووس زیــاد هورمزیاری کتێبێکی تایبەت بە وەرزشــوانە دێرینەکانی هەولێر پێشکەش بــە ئامادەبووان کرد، کە ئەم کتێبە بە کورتی باســی ژیانی وەرزشــی یاریزانانەکانی شاری هەولێر دەکات و لەگەڵ چەند زانیارییەکی تایبەت لەسەر یاریگەی هەولێر و تیپە میللیەکان و چەند تەورێکی تر لەخۆ گرتووە.

# تازەپێگەیشتووانی سۆلاڤ نازناوی هێزی لەشی کوردســـ



لە شاری هەولێرو لە هۆڵی یارییە تاکەکانی،بەمەبەستی خزمەت کردنی یاریی هێزی لەش لە شــارەکانی کوردســتان و بەچاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردســتان و بەسەرپەرشــتیی یەکێتیی ناوەندیی هێزی لەشی کوردســتان و بەهاوکاریی لقی هەولێری یەکێتییەکە، پاڵەوانێتیــی هێــزی لەشــی یانەکانــی کوردســتان بۆئاســتی تازەپێگەیشــتووان ئەنجامدرا،بەبەشــداری هەریەك لــە یانەکانی (ڕانیە، ســلێمانی،قەڵا، پێشکەوتن، سۆلاڤ، بابە گوڕگوڕ، خاك) لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو لە کێبڕکێی بەهێزدا بوون بۆبەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە لە کێشەکانی ٥٣کگم تاکو١٠٥کگم، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

١-یانەی سۆلاڤ ٥٧خاڵ

٢-یانەی قەڵا ٣٧خاڵ

٣-یانەی پێشکەوتن ٣٦خاڵ

٤-ریانەی ڕانیە ٣٣خاڵ

٥-بابە گوڕ گوڕ٣٣خاڵ

لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.

## کچانی دوکان نازناوی پاسکیلسواریی کوردستانیان بەدەستهێنا

بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی یاریی پاسکیلسواری و گرنگیدانی زیاتربەم یارییە، وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی بەسەرپەرشتی یەکێتیی پاسکیلسواریی کوردســـتان و بەهاوکاری لقی کەرکوکی یەکێتییەکە لە شاری کەرکوك لەسەر ڕێگای لەیلان –قادرکەرم، بەبەشداریی ١٧یانەی شارەکانی کوردستان پاڵەوانێتیی پاسکیلسواریی یانەکانی کوردستان لە هەردوو ئاســـتی کوڕان و کچان لە ئاســـت پێشکەوتووان بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربووی یانەکانی کوردستان ئاستێکی بەرزیان پێشـــکەش کردو کێبرکێ بەهێزیان دەکرد لەسەر بەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوەی ریزبەندی یانەکان، ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکەش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

پێشبڕکێ دژە کات لە ئاستی کوڕان بۆ٤٠کم

١- یانەی سۆلاڤ

٢- یانەی هەولێر

٣- یانەی کۆیە

پێشبڕکێ دژە کات لە ئاستی کچان ١٥کم

١-یانەی دووکان

٢-یانەی نەورۆز

٣-یانەی ئافرەتانی هەولێر



ـــتانیان بەدەستهێنا





## لە پێشانگایەکدا مێژووی ڕۆژنامەگەریی وەرزشیی کوردی خرایەڕوو

لە ١١٥یەمین ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردیی (١٨٩٨-٢٠١٣)، بەدروشـــمی لەکاروانی وەرزش-ەوە بۆ لەشجوانی، یەکەم پێشـــانگای تایبـــەت بەبڵاوکراوە وەرزشـــییەکان بۆ ڕۆژنامەنووس سەنگەر زرار لەهۆڵی میدیای شاری هەولێر کرایەوە.

ڕۆژانی ٢١و٢٠١٣/٤/٢٢ بەچاودێـــری د.کاوە مەحمود وەزیـــری ڕۆشـــنبیریی و لاوان و بەئامادەبوونی حاکم ئازاد حەمەدئەمین نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەنی ســـەندیکای ڕۆژنامەنووسان و م. سەلاح حەسەن خەسرەو سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردســـتان و ژمارەیەکی تر لەمیوانان و نوێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکارانی وەرزشی پێشانگاکە کرایەوە کە ١١٢ ناونیشانی تێدا خراوەتەڕوو، ٩١ بڵاوکـــراوەی فەرمیی و ٢١ بڵاوکراوەی نافەرمیی کە ٧١ ڕۆژنامـــە و ٢٠ گۆڤار و ٢١ بڵاوکـــراوەی نافەرمیش کە بەفۆتۆکۆپی و دەستنووس چاپکراون.

لەسەر ئاستی شارەکانیش ٣٩ ڕۆژنامە و گۆڤار لەهەولێر و ٣٥ ڕۆژنامـــە و گۆڤـــار لەســـلێمانی و ٤ ڕۆژنامە و ١ گۆڤار لەکەرکـــوك و ٦ ڕۆژنامە لەدهـــۆك و ٢ ڕۆژنامە لەکەلار و ٢ ڕۆژنامە لە بەغدا و ١ ڕۆژنامە لەهەڵەبجە و ١ ڕۆژنامە لەسۆران بڵاوکراونەتەوە، بڵاوکراوە نافەرمییەکانیش ١٠ لەسلێمانی و ٦ لەهەولێر و ٢ لەقەڵادزێ و ١ لەرانیە و ١ لەکەلار و ١ لەچەمچەماڵ دەرچووینە.